# دایکی نۆ منداڵ لەلایەن کوڕەکانیەوە دەکوژرێ

گوڵان – کۆمەڵایەتی

**ماوەیەك لەمەوبەر بێوەژنێك کە دایکی نۆ منداڵ بوو، لەلایەن کوڕەکانیەوە کوژرا، بکوژانی ئەو ئافرەتە هۆکاری کوشتنی دایکی خۆیان بۆ «ڕەدووکەوتن» دەگێڕنەوە، بەڵام هاوسەری دووهەمی کوژراوەکە ئەوە ڕەتدەکاتەوە و لەسەر ئەوەی لەلای مەلا مارەی کردووە پێداگری دەکات**



**مەبەست لە بەدواداچوونی ئەم بەسەرهاتە**

ئەو بەرسەرهاتە دڵتەزێنانەی کە سەرەنجام سەر لەخانەی تاوان دەردەهێنن، کەم نین، تا ئێستاش کۆشتنی ئافرەتان لەزۆربەی وڵاتانی ناوچەکە بەهۆکاری جیاواز و بەڕێژەی جیا بوونی هەیە و بنبڕ نەبووە، کوردستانیش لەم ئاریشەیە بەدەر نییە. گوڵان لە بەدواداچوونی تاوانەکاندا، تەنیا مەبەستی ڕووماڵکردنی تراژیدیایەك نییە، بەڵکو ئامانج ئەوەیە تاکی کۆمەڵگە بەرامبەر بە یاسا و ئەرك و مافی خۆی ئاگادارتر بکاتەوە.

**نیوەشەوێك بۆ تاوانی کوشتن و وتەی بکوژەکەی**

تەقەی چەند گوللەیەك بە چەکی کلاشینکۆف لە نیوەشەوی ٢٠١٢/٦/١٤ لە گەڕەکی (ك)ی شاری هەولێر، کارەساتێکی لێکەوتەوە. ئافرەتێك بەناوی (گ. ش. ش) لە دایکبووی ١٩٥١ کە دایکی نۆ منداڵ بوو، لەلایەن دوو کوڕی خۆیەوە کوژرا. بکوژەکان هەڵهاتن و تەرمی لە خوێن گەوزاوی دایکیان بەجێهێشت. بەڵام بەپێی زانیارییەکان لە ڕۆژی ٧/١٥ هەردوو بکوژەکە دەستگیرکران.

(ف. ڕ. م) لەدایکبووی ساڵی (١٩٧٩) ـەو فەرمانبەری ئاسایشە، ئەو وەك بکوژی دایکی خۆی، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بە هیچ شێوەك لەو تاوانەی خۆی پەشیمان نییە، بەمجۆرەش هۆکاری ئەنجامدانی تاوانەکەی دەخاتەڕوو:

«ئێمە کۆمەڵێك منداڵ بووین، هەر لەمنداڵییەوە دایکمان ئێمەی پشتگوێ خستبوو، هەر خەریکی چوونەدەرەوەو سەردانی ماڵی دراوسێکان بوو، هەموو بەیانییەك دەچووە بازاڕ، باوکیشم هەر لەکار دەگەڕاوە، شتێکی بۆمان ئامادەدەکردو پێکەوە دەمانخوارد، هەرگیز دایکمان وەك دایکێك هەڵسوکەوتی نەدەکرد، هەر خەریکی چاوبازی بوو لەگەڵ پیاوەکانی دراوسێماندا، چەندینجار دراوسێ و کەسوکار ئەم شتەیان بە باوکم دەگوت، بەڵام باوکم دڵی نەدەهات تەڵاقی بدات، چونکە حەزی لە تێکچوونی خێزانەکەمان نەدەکرد، زۆری پێنەچوو باوکم نەخۆش کەوت، دایکیشم هیچ لێی نەدەپرسییەوە، هەر خەریکی گەڕان و سەیرانی خۆی بوو، لەساڵی (١٩٩٢) باوکم کۆچی دوایی کرد، دوای پرسەی باوکم بەچەند ڕۆژێك دایکم کەوتە چاوچاوانێ لەگەڵ پیاوانی گەڕەك و ئەوەندەی پێنەچوو ڕەدوو کەوت، کەس نەیدەزانی چۆتە کوێ، ئەوەندە نەبێت دوای ماوەیەك پێیانگوتین لەگەڵ پیاوێکدا پێکەوە بەرەو ئەورووپا دەڕۆن، دایکم و ئەو پیاوە چوونە سووریا، جارێکیان

تەلەفۆنی بۆکردم و گوتی من لە سووریام و دەچم بۆهەندەران و دەمەوێت ئیتر بەیەکەوە ئاشت بینەوە، بەڵام من ڕەفزم کردەوە، چونکە دایکم ئەوەی هەمانبوو و پارەی سەرجەم بنەماڵەکەمانی برد، هیچ جۆرە ڕێزێکمان نەمابوو، کەس ڕێزی نەدەگرتین و تەنانەت خزمەکانی باوکیشم هەموویان حاشایان لێدەکردین، خزمەکانمان دەیانگوت ئێوە لەو ژنەن کە مێردەکەی کوشت و بۆ ڕابواردنی خۆی ڕووی لەئەوروپا کردووە، من هەر بەم شێوەیە دەژیام، هەر لەترسی تیروتوانجی خەڵکی نەمدەزانی ڕوو لە چ شوێنێك بکەم.

**«لەبەر ئەوەی من لەگەڵ دایکم و زڕباوکەکەمدا دەژیام، کوشتنی دایکم بۆ من زۆر ئاسان بوو»**

(ف. ڕ. م) بەمجۆرە باسی کوشتنی دایکی دەکات: «لەساڵی (٢٠١١) بۆم دەرکەوت دایکم و ئەو پیاوەی کە شووی پێکردووە، گەڕاونەتەوە بۆ هەولێر، وەك بیستیشم دایکم منداڵەکانی ئەو پیاوەی دەرکردبوو، دەستی بەسەر ماڵەکەیدا گرتبوو، ئەو پیاوەشی ناچارکردبوو حاشا لە ژن و منداڵەکانی بکات، ئەوەبوو دایکم چەندین جار پێوەندی بەمنەوە کرد و داوی کرد من بچم لەگەڵیاندا بژیم، منیش لەبەر خاتری دایکم چووم، ماوەیەکی زۆر لەوێ ژیام، بەڵام دوای ماوەیەك بەهاندانی براگەورەکەم بڕیارمان دا دایکمان بکوژین، لەبەر ئەوە براکەم دەمانچەیەکی بۆکڕیم و مەبلەغێك پارەی باشی پێم بەخشی کە نزیکەی پەنجا وەرەقەبوو، ئەو کارە تەنیا بەمن دەکرا، لەبەر ئەوەی من لەگەڵ دایکم و زڕباوکەکەمدا دەژیام، کوشتنی دایکم بۆ من زۆر ئاسان بوو .من لەکۆتاییدا پێتان دەڵێم، هەرگیز پەشیمان نیم لەکوشتنی دایکم، چونکە ئێمەی سەرشۆڕکردبوو، من دەڵێم سزای ئەو کەسەی کە ڕەدوو بکەوێت و منداڵی خۆی و مێردەکەی سەرگەردان بکات، دەبێت سزای کوشتن بێت، بۆیە هیچ پەشیمان نیم و بەوپەڕی ئارامییەوە ئەم قسانە دەکەم، زۆریش هەست بە سەبووری دەکەم کە دایکی خۆمم کوشتووە، چونکە چیتر شەرمەزار نیم و لەناو کۆمەڵگەدا سەربەرزم، ئافرەتێکی بێڕەوشتم کوشتووە».

(ف. ڕ. م) لە کۆتایی قسەکانیدا داوا لەدادگاو دادوەرانی یاسایی دەکات کە خۆی و براکەی ئازاد بکرێن، چونکە «ئافرەتێکمان کوشت کە ئایین و یاسا دەبوو سزای بدایە، بۆیە داوا دەکەم کەهەرچی زووە ئازادم بکەن، چونکە ماڵ و منداڵم هەیە با ئەوانیش سەرگەردان نەبن».

**براگەورە ٥٠٠٠ دۆلار بۆ کوشتنی دایکی بە برای بچووکی دەدات**

(م. ڕ. م) لەدایکبووی (١٩٧٢)ـە و کوڕی گەورەی کوژراوەکەیە، ئەو نایشارێتەوە کە هانی براکەی داوە بۆ ئەوەی داکیان بکوژێت، هەموو وتەکانی براکەشی پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت «زۆر شانازی بەوەوە دەکەم کە ڕۆڵم بینوە لە کوشتنی دایکی خۆمدا، چونکە هەرگیز هەستم بەوە نەکردووە کە دایکم هەیە، ڕۆژێك لەڕۆژان ئاگای لەمنداڵەکانی نەبوو، هەر خەریکی چوون بۆ ماڵان و بازاڕ بوو، بێجگەلەوەش لەساڵی (١٩٩٢) کە باوکم کۆچی دوایی کرد، هەر لەگەڵ تەواوبوونی پرسەکەدا کەوتە عەشق و خۆشەویستی لەگەڵ پیاوان هەر شەوەو پیاوێك دەیبرد، دواتر ڕەدووکەوت، کەس نەیدەزانی چۆتە کوێ، ئەوەندە نەبێت زانیمان لەگەڵ پیاوکێدا پێکەوە دەژین، پاش ماوەیەك گوتیان ئەو پیاوە مارەی کردووە، ئەوەبوو ماڵەکەیمان دۆزیەوەو فەرهەنگ

**کوڕێکی کوژراوەکە: هەرگیز پەشیمان نیم لەکوشتنی دایکم، چونکە ئێمەی سەرشۆڕکردبوو**

چووە لایان دەنووست، منیش هانمدا کە بیکوژێت، ئەوەبوو مەبلەغێك پارەی باشم دایە برا بچووکەکەم کە نزیکەی پەنجا وەرەقە بوو، دەمانچەیەکی ئەمریکیشم پێدا، ئەو شەوان لەگەڵ دایکم و زڕباوکەکەمدا دەژیا، لەبەر ئەوە کوشتنی بۆ ئەوە زۆر ئاسان بوو، ئیتر منیش توانیم بەهاوکاری ژمارەیەك برادەر و خزم و کەس بڕێك پارەی بۆ دابینبکەم، ئەویش بە کوشتنەکەی هەڵبستێت».

**بۆ ڕەزامەندی کوژراوەکە هەشت منداڵ و هاوسەری یەکەمی لە ماڵی خۆی دەردەکات**

(م. ئ. ئەحمەد) لەدایکبووی ساڵی (١٩٧٢)ـە و هاوسەری دووەمی (گ)ی کوژراوە کە ئەویش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە. وەك خۆی باسیکرد، پێش ئەوەی لەگەڵ (گ) ڕێکبکەوێت، لە هاوسەری یەکەمی کە کچی پووری خۆی بووە، هەشت منداڵی بووە، کە شەشیان کوڕن و دووانیان کچن. جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ژیانێکی خۆشیان بووە و لە ماوەی پێکەوە ژیانیانیاندا هیچ کێشەیەکیان نەبووە، نهێنییەکانی ژیانی خۆیشی سەبارەت بە (گ)ی کوژراو بەمجۆرە دەخاتەڕوو:

«ساڵی (٢٠٠٦) عاشقی بێوەژنێکی ناسیاومان بووم کە ناوی (گ) بوو، ئەو نزیکەی بیست ساڵ لە من گەورەتر بوو، دایکی نۆ منداڵیش بوو، بەڵام من بەجۆرێك عاشقی بووم، نەمدەتوانی وازی لێبهێنم، ئەوەبوو دوای ماوەیەك ڕێککەوتین کە بچمە داوای و بیهێنم، ئەویش مەرجی ئەوەی دانا کە دەبێت من منداڵەکان و ژنی یەکەمم دەربکەم و هیچ پێوەندییەکم لەگەڵیاندا نەمێنێت، منیش ناچار ئەوەم کرد، چونکە زۆرم خۆشدەویست. بۆیە هەر هەشت منداڵەکەی خۆمم لەگەڵ دایکیان دەرکردو ئەوان چوونە ماڵی باوکم، ئیتر من ئاگام لێیان نەما، باوکم بەخێوی دەکردن، منیش لەساڵی (٢٠٠٦)ـەوە هەتا پار هیچ مەسرەفێکی ژنی یەکەمم و منداڵەکانی خۆمم نەکردووەو سەردانیشم نەکردوون، چونکە (گ) ڕازی نەبوو، خۆشترین ماوەی ژیانیشم لەگەڵ ژنی دووەممدا بردەسەر، لەگەڵ ئەوەی کەسوکاری کێشەیان بۆم دروست کرد، هەر چوومە داخوازی، براکانی کەسیان ڕازی نەبوون شووبکات، دوای ئەو هەموو ناڕازیبوونە ناچار لە لای مەلایەك مارەم کرد، چونکە کەسوکاری نەیانهێشت لە دادگا مارەی بکەم، ئەوەبوو هەموو منداڵەکانی جگە لەیەك کچی نەبێت، حاشایان لە (گ) کرد و هەمیشە گرفتان بۆمان دروست دەکردو نەیاندەهێشت بەئارامی بژین، دوای ماوەیەك من لەکاتی کارکردندا کەوتمە خوارەوەو ئیتر لە نەخۆشخانە ژنی یەکەمم هات بۆلام و گەردنی ئازاکردم و منی بردەوە ماڵەوە، زۆر خزمەتی کردم، بەوەش دوای چەند ساڵێك لەگەڵ منداڵەکانم و ژنی یەکەمم ئاشت بوومەوە، زۆرهاوکاری من و (گ)یشیان کرد. دواتر من گەڕامەوە بۆلای (گ)، چونکە هەمیشە دەترسام کەسوکاری شتێکی لێبکەن، بەتایبەتی برایەکی کە مەلای گوندێکی نزیك ئاکرێیە، لەگەڵ کوڕەکانی دەیانویست بیکوژن، هاوکات کوڕێکی (گ) بەناوی (ف) هات لەگەڵماندا ئاشتبووەوە، هاتە ماڵمان و گوتی من لەگەڵتان دەژیم، ئەو لەگەڵماندا دەژیا هەتا ئەو ڕۆژەی دایکی کوشت، ئەو شەوە لە کاتژمێر (١٢:٣٠) دەنگی تەقە هات، منیش هەستام بنیم (گ) خەڵتانی خوێن بووە، بەپەلە گەیانمانە نەخۆشخانە، هەر لەوێ زانیم (گ) مردووە.

**تێبینی: بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان لە هەولێر - نووسینگەی کوشتن لە ڕووماڵکردنی ئەم تاوانەدا هاوکاری کردووین.**

# لەکۆمەڵگەی پیاوسالارییدا بەردەوام کوشتنی ئافرەت لەکوشتنی مرۆڤ جیادەکرێتەوە

■ زۆر جار لێرە و لەوێ گوێمان لە باسی پاراستنی ماف و کەرامەتی ئافرەت دەبێت گوایە دایك و خوشك و هاوسەرە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم وشانە تیۆرین و لە قسەی سەر زار زیاتر نین و ئەگەر بە وردی لێی بڕوانین تەنیا وەك کاڵایەك سەیری ئافرەت دەکرێت و هەر کاتێك ماوەکەی بەسەر چوو ئیدی ئەو گرنگییەی نامێنێ و پشتگوێ دەخرێ، بەڵگەش بۆ ئەو قسانە زۆرە بۆ نموونە تەنانەت لەکاتی مردن یان خۆکوشتن یان سووتانی ئافرەتێك وەك مرۆڤێك هەواڵەکەش باس ناکرێت بەردەوام جیادەکرێتەوەو بەچاوێکی تر سـەیردەکرێت، هەروەها لە کاتی پرسەی ئافرەتدا باشترین و گونجاوترین قسـە کە لە خەمی پیاو کەم بکرێتەوە و خۆیان بە هاوبەشـی خەمی دابنێن زۆر بە سـادەیی و بە ئاسـایی پێی دەڵێن(دەی خۆ ژن نەبڕاوە ژنێکی تر بهێنە) ئەم قسەیە باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە لە کاڵایەك زیاتر ڕێز بۆ ئافرەت دانانرێت. ■



سـۆزان جەلال توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێ «بێگومان کۆمەڵگەی کوردەواری لـە کوردسـتان بەگشـتی کلتوری بێگانەی بە تایبەتیش کلتوری عەرەبی بەسـەر کۆمەڵگەی ئێمـە زاڵە، بۆیە بەڕای خۆم نەریتی کوشـتنی ئافرەت و سـووکایەتی بەئافرەتان بەنەریتێکی هاوردەی کۆمەڵگەی عەرەبی دەزانم کە نەریتێکی بیابانیە، ئەمە بێجگە لەوەی مەسەلەی کوشتنی ئافرەت یان ڕوونتر بڵێین جیاکردنەوەی کوشـتنی ئافرەت لەسەرجەم مرۆڤەکانی تر، هەرچەندە ئەم نەریتە لە زۆر میللەتانی تریشدا هەیە، بۆیە ناتوانین بڵێین تەنیا لەکوردسـتان کوشتنی ئافرەت هەیە، بەڵکو لەزۆربەی وڵاتەکانـی تریش کوشـتنی ئافرەت هەیە. کوشـتنی هەموو مرۆڤێك چەند نۆرمێکی هەیە لەوانە بوونی سـیفەتی پیاو سـالاری، بێجگـە لەدابوونەریت گەورەتریـن زوڵم لەئافـرەت دەکات و هەمیشـە دابوونەریتەکان ئافرەتیان وەك کاڵایەك داناوە هیچ مافێکیان بۆئافرەتان نەهێشتۆتەوە، هەروەها کۆمەڵگەی ئێمە ئافرەتـی تاوانبارکـردووە بەبێ ئەوەی کەهیچـی کردبێـت، هەروەها خاڵێکی تریش کـە زۆر گرنگە لایەنی دەروونی نێوانی تاکەکانە کەهەمیشە تاکەکان لە کۆمەڵگەی ئێمە لەمنداڵیەوە لەسـەر توندوتیژی بەرهەمهێنراون.

سـەبارەت بەلایەنی دەروونی توێژەری دەروونی شـیرین عەلی ساڵح ڕاهێنەر لەدەستەی چارەسەری دەروونی پێیوایە کۆمەڵگەی کوردی لەڕووی دەروونییەوە بەشـێویەکی وەها بیـری کردۆتەوە کە ئافرەتی بەکەمزانیـوە، لەمبارەوە وتی «هەر لەمنداڵیەوە منداڵ بەشـێوەیەك پەروەردە دەکەن کە کوڕ لەکچ گرنگترە، بۆنموونە کاتێك ماڵێـك کوڕیان دەبێت ئاهەنـگ دەگێڕن و خۆشـی دەبێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر ماڵێك کچیان ببێت هیچ ناکەن و خەڵکی لۆمەی ئافرەتەکە دەکەن کە کچی بـووە، ئەمە واتە هەر لە لەدایکبوونەوە جیاوازی هەبووە هەتا دەگاتـە مـردن، کاتێـك پیاوێك ژنی دەمرێت خەڵکی لەپرسەکەیدا پێی دەڵێن گوێ مـەدەرێ ژن بهێنـەرەوە، بەڵام ئەگـەر ژنێك مێـردی بمرێت ئەوکات دەبێـت قوڕبگرێتەوەو شـیوەن و ڕۆڕۆ



مەلا عەبدوڵڵا مەلاسەعید:

**تەنانەت لەکۆمەڵگای ئێمەدا پرسەی ئافرەت وەکو پرسەی پیاو نیە، بەڵام ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەهیچ شێوەیەک جیاوازی لەنیوان مردنی ئافرەت و پیاو نەکردووە**

بـــکات ئەمە هەمووی ئەو نەریتەیە کە کۆمەڵگەیەکی بیابانی بەرهەمی هێناوە لەبەر ئەوە کورێـــك کە لەمنداڵیەوە بەم شێوەیە گەورەبێت، ئیتر چۆن مامەڵەی لەگـــەڵ بکرێت. ئەو توێـــژەرە ئەوەش دەخاتـــەڕوو، ئەو ئافرەتانەی تووشـــی نەخۆشی دەروونی دەبن بەهۆی ئەوەبووە کە بەردەوام هەســـتیان بەکەمی کردوە و وەکـــو کاڵایەك بەکارهاتوون و مامەڵیان لەگەڵ کراوە».

### ئایینی پیرۆزی ئیسلام کوشتنی هەموو مرۆڤێکی بەگوناه و تاوان داناوە

مەلا عەبدوڵڵا مەلا ســـەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی کوردســـتان سەبارەت بەجیاکردنەوەی کوشتی ئافرەت لەکوشتنی مرۆڤ وتی «ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەیەك چاو ســـەیری ئادەمیزاد دەکات و بەشـــێوەیەکی گشتی ئایینی ئیسلام گرنگیەکی زۆر گەروەرەی بەمرۆڤەکان داوە بەبـــێ جیـــاوازی، وەك خـــودای گەروە پێمان دەڵێـــت (ولقد کرمنا بنی آدم وحملناهم في البر والبحر ورزقناهم من الطیبات وفضلناهم علی کثیر ممن خلقنا تفضیـــلا) واتا ڕێزمان لەمرۆڤ گرتووە، بـــێ ڕێزی کـــردن بەرامبەر بەمرۆڤ بەهەر هەڵســـووکەوتێك بێت خودای گەورەوە بەهەڵەی داناوە، بەڵام بەداخەوە دابوونەریتەکان وەهایان کردووە کە سیســـتەمی پیاوسالاری دروستبێت و بەهۆی ئەوەشـــە کوشتنی پیاو لەهی ئافرەت جیاوازبێت، کوشتنی پیاو بەلای کۆمەڵگەوە تاوانە. بەڵام کوشتنی ئافرەت ئاساییە، ئەوەی گرنگە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کوشتنی بەهەموو جۆرەکانییەوە بەحەرام و تاوان داناوە، جا پیاو بێت یان ئافـــرەت بێت، خودای تاك و تەنیا (من قتل نفسا بغیر نفس أو فساد في الأرض فکأنما قتل الناس جمیعا) واتا وشەی نەفســـی بەکارهێناوە، زۆر لەشارەزیانی زمانی عەرەبی باس لەوەدەکەن کەوشەی نەفس بەمانـــای ڕۆح دەبێت ئیتر ئەو ڕۆحە هی ئافرەت بێـــت یان پیاو بێت هەر ڕۆحە، واتا ئایینی پیرۆزی ئیسلام کوشـــتنی هەموو مرۆڤێکی بەگوناه و تاوان داناوە، ئەوەی من پێشـــی زانم هەر لەبەر ئەوە نەفـــس بەکارهاتووە بۆ ئەوەی کە بەنـــدەکان بەئارەزووی خۆیان لێکـــی نەدەنـــەوە. ســـەرۆکی یەکێتی زانایانی ئیســـلامی باس لەوەدەکات کە تەنانەت لەکۆمەڵگەی ئێمەدا پرســـەی ئافرەت وەکو پرسەی پیاو نییە و دەڵێت: ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەهیچ شێوەیەك جیـــاوازی لەنێوان مردنـــی ئافرەت و پیاو نەکردووە، ئەمە نیشـــانەی ئەوەیە لەکۆمەڵگـــەی ئێمـــەدا سیســـتەمی کەلتووری پیاوســـالاری وەهای کردووە کەتاکـــەکان بەوشـــێوەیە بیربکەنـــەوە، بەداخەوە بیرکردنەوەکە لەســـەر بنەمای دابوونەریتە کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکان داڕێژراوە.


### پرۆژەی یاسا بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان

هاژە سلێمان جێگری سەرۆکی لیژنەی ئافرەتان و بەرگـــری لەمافی ئافرەتان لەپەرلەمانی کوردستان وتی «لەهەرێمی کوردســـتان لەســـاڵانی ڕابـــردوودا ڕووبەڕووی توندوتیژی بەشـــێوەیەکی گشتی بوونەتەوە بێگومان ئافرەتانیش لەم توندوتیژییە پشـــکی شێریان بەر کەوتووە، بەڵام پەرلەمان و حکومەتیش لـــە کوردســـتان کاری زۆر جددی بۆ بەرەنگاربوونـــەوەی توندوتیژی کردووە ئەوەی گرنگـــە ئێمە بـــە بەردەوامی هەوڵ دەدەین وڵات بەدامەزراوە بکەین و کێشـــەو گیرگرفتـــەکان بنبڕبکەین و قەیرانـــەکان کەمبکەینـــەوە، چونکە کێشـــەکان بەیاســـاکان چارەسەر دەبن و دەتوانین بەیاســـا ڕێگە لەو کێشـــانە بگرێن، هەروەهـــا کارێکی زۆریش بۆ بەرەنگاربوونـــەوەی توندوتیژی کراوە، لەســـاڵی (٢٠٠١) یاســـای ژمـــارە چواردەی دەرکردووەو یاســـا کۆنەکەی هەموارکردووە، چونکە لەیاسایی عێراقدا کوشـــتنی ئافرەت لەپیاو جودا کرابۆوە. بـــەڵام پەرلەمان هات ئەم یاســـایەی هەمواركردەوە بەوەی کەئەو جیاوازییەی نەهێشـــت و لەبڕگە یاساکەی هەرێمدا ئەوەهاتووە کە کوشـــتنی ئافرەت و پیاو وەك یەك حیسابکراوە واتا ئەگەر کەسێك چ پیاو یـــان ئافرەت بکوژێت هەر وەك یەك بەپیاوکوژ دانراوە. هاژە لەکۆتاییدا دەڵـــێ «دەبێـــت زیاتـــر هەوڵبدەین بۆ ئـــەوەی کەبتوانین بەشـــێوەیەکی باش کار بۆئەوە بکەین و بەهەموو شێوەیەك لەشـــێوەکان ئافرەت کوشتن بنبڕبکەین، چونکە ئێمە ئێســـتا لە کۆمەڵگەیەکی ئینتیقالیدان و بـــەرەوە کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن هەنگاو دەنێنین لەبەر ئەوە زۆر گرنگە کەبتواننین بەشـــێوەیەکی باش خزمەتـــی ئافرەتان بکەیـــن و ئافرەتان لەکوشتن ڕزگاربکەین.



هاژە سلێمان:

**کارێکی زۆریش بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی کراوە، لەساڵی (٢٠٠١) یاسای ژمارە چواردەی دەرکردووەو یاسا کۆنەکەی هەموارکردووە، چونکە لەیاسایی عێراقدا کوشتنی ئافرەت لەپیاو جوداکرابووە**



# خانمانی فەرمانبەر و ڕەخنە و توانجەکانی بەرپرس و بەڕێوەبەرەکان

* * *

**کارکردنی ئافرەت لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان خۆی لە خۆیدا ڕووبەڕووی جۆرێك لە ئاستەنگ دەبێتەوە و ئافرەت بێزار دەکات، ئەمەش بۆ سیستمی باوکسالاری دەگەڕێتەوە، هەرچەندە ئێستا ژمارەیەکی زۆری ئافرەت لە فەرمانگەکانی حکومەت و کەرتی تایبەتیش کار دەکەن، بەڵام زۆر جار ڕووبەڕووی ڕەخنە و گلەیی دەبنەوە لەلایەن هاوسەرەکانیان چ لەلایەن سەرپەشتیار یان بەڕێوەبەرەکانیان، ئەمەش جۆرێك لە خەم و دڵتەنگی لای ئافرەتەکە دروست دەکات و دووچاری فشارێکی دەروونی دەبێتەوە، زۆر جار ڕەخنەی شوێنی کارکردن کاریگەری لەسەر ڕەفتاری ئافرەت هەیە لە ماڵەوە و بەپێچەوانەشەوە جاری وا هەیە گرفتەکانی نێو خێزان ڕاستەوخۆ لەسەر کارکردنی ئافرەتەکە ڕەنگ دەداتەوە.**

* * *

## ڕەخنەی بەڕێوەبەرەکەم وەکو ژەهرێکی کوشندە وایە

ئەژین نازم پیشەی مامۆستایە وتی: بەڕێوەبەرەکەم بە بیانووە، هەست بە نارەحەتی دەکەم لە شوێنی کارکردنم، چونکە بەڕێوەبەرەکەم هەمیشە ڕەخنەم لێدەگری و توانجەکان وەك ژەهرێکی کوشندە کاریگەرییان لەسەر من هەیە، بەڵام لەبەر پێویستی ناتوانم دەست لەکار بکێشمەوە یان واز لەو کارە بهێنم، هیوادارن ڕۆژێکیان بتوانم ئەوەی لەنێو دڵمدا وەك تۆڵە کردنەوە بەرامبەر بە بەڕێوەبەرەکەم هەڵیڕێژم.

نازە ئەحمەدی فەرمانبەر زۆر جار وای لێهاتووە کە واز لەکارەکەی بهێنێت لەدەست بەڕێوەبەرەکەی و دەڵێت «بەهۆی ناتەواوی میزاجی بەڕێوەبەر کە وات لێ دەکات هەست بەبیزاربوونێکی زۆر بکەی، کە پۆستەکەی خۆی کردۆتە وەسیلەیەك بۆ (استغلال) ـکردنی ئافرەت، هەرچەندە تۆ ناتوانی بەم شێوەیە بەردەوام بی، ڕەنگە زۆر جار حاڵەت هەبووە کە وایلێهاتووە وەڵامی بەڕێوەبەرت دابێتەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ناتوانی تۆ هەموو کاتێك مناقشەی لەگەڵ بکەیت، بۆیە هەموو کاتێك زەحتی بەڕێوەبەر زیاتر بووە لە هاوسەری خۆت.

## بەڕێوەبەری سەرکەوتوو کێیە؟

بەڕێوەبەرێك کە بەڕێوەبەری یەکێك لەفەرمانگە حکومیەکانە لەشاری هەولێر



**بەڕێوەبەری سەرکەوتوو ئەوەیە کە بزانێت چۆن مامەڵەیەکی درووست لەگەڵ کارمەندانی خۆی بکات لە هەردوو ڕەگەزەکە لە پێناو بەرژەوەندی و پێشخستنی کارەکەیدا**

**ئافرەت هەبووە لەداخی بەڕێوبەرەکەی وازی لەدەوام هێناوە هەبووە خۆی گواستۆتەوە هەشبووە ناچاربووە کەبکەوێتە هەڵەوە**



دەڵێت «بەڕێوەبەری سەرکەوتوو ئەوەیە کە بزانێت چۆن مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ کارمەندانی خۆی بکات لە هەردوو ڕەگەزەکە لە پێناو بەرژەوەندی و پێشخستنی کارەکەیدا، بەڵام یەك جیاوازی بچووك هەیە پێویستە ڕەچاوی بکات لە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئافرەتدا ئەویش پێوەندی بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و فسیۆلۆجی ئافرەتەوە هەیە بەوەی کە مرۆڤێکی هەستیار و ناسکترە لە پیاو، بۆیە وا پێویستە لەسەر بەڕێوەبەر کە ئەم لایەنە لەبەرچاو بگرێت، لەهەمان کاتدا لە کاتی پێویست ئەگەر ڕەخنەیەکی ئاراستە بکات زۆر ئاساییە بەمەرجێك شێوازی ڕەخنە گرتنەکە بریندار کەر نەبێت، بەشێوەیەکی گشتی بەڕێوەبەری سەرکەوتوو ئەوەیە کە هیچ زەحمەتییەك نابینێ لە مامەڵە کردن لەگەڵ کارمەندانی. ئەو بەڕێوەبەرە ئەوەدەخاتەڕوو، کە پێویستە بەردەوام لە کارمەندانی نزیك بێت و نابێ جیاوازی لە نێوان کارمەندانیدا بکات لەسەر ئەساسی ڕەگەز، بەڵکو ئەگەر جیاوازیش هەبێت دەبێ لەسەر ئەساسی لێهاتوویی بێت، لە هەمان کاتدا پێویستە ئافرەتیش درك بەو ئەرکانە بکات کە دەکەونە سەر شانی بەڕێوەبەر و لە گفتوگۆی بەردەوامدا بێت لەگەڵی.

### داناني زیاتری خانمان لە پۆستی بەڕێوەبەر

ئاری ئیسماعیل توێژەری کۆمەڵایەتی هەر سەبارەت بەم بابەتە دەڵێت «بەڕێوەبەر یان بەرپرسی یەکەم لەدامودەزگادا دەتوانێت گوشاری زۆر بخاتە سەر ئافرەت، ئەویش بەچەند شێوازێك ئەگەر ئێمە لەم پرسیارە وردبینەوە دەبین ئافرەت لە زۆربەی جارەکاندا لەلایەن بەرپرسی یەکەمیەوە ئیستغلال کراوە نموونەشمان زۆرە، بەتایبەتی ئەو ئافرەتانەی کەپێگەیان نزیکە لەبەڕێوەبەرەوە زۆرتر دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی بەڕێوەبەر، بەجۆرێك ئەگەر تەماشا بکەن ئەو ئافرەتانەی کە پیشەیان سکرتێرە زۆربەی کات دەبێت بەئارەزووی بەرپرسەکەی جلوبەرگ بپۆشێت نەك مێردەکەی، چونکە ئەگەر جلوبەرگەکەی بەدڵی بەڕێوبەرەکەی نەبێت، ئەوا ڕەنگە سزای بدات ئەمەش نموونەیەکە لەو نموونانەی کە ئافرەتی فەرمانبەر چەندە لەژێر گوشاری بەڕێوبەرەکەیدایە.

ئاری دەشڵێت «ئەگەر ئافرەتەکە تۆزێك جوان و بەرچاو بێت، لەو کاتەدا تووشی سەدان کێشەبووە لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەیدا وەك ئەوەی بیستوومانە کە ئافرەتە فەرمانبەرەکان زۆرجار دەبنە نێچیری بەڕێوەبەرەکانیان، ئافرەت هەبووە لەداخی بەڕێوەبەرەکەی وازی لەدەوام هێناوە هەبووە خۆی گواستۆتەوە هەشبووە ناچاربووە کەبکەوێتە هەڵەوەو تووشی کاری نابەجێ ببێت. ئەو توێژەرە لەکۆتاییدا داوا لەحکومەت دەکات هەوڵبدرێت بەپرسی زۆربەی دام و دەزگاکان بکرێتە ئافرەت ئەوکاتە کێشەکە چارەسەر دەبێت.




**ئەگەر ئافرەتەکە تۆزێک جوان و بەرچاو بێت، لەو کاتەدا تووشی سەدان کێشەبووە لەگەڵ بەڕێوبەرەکەیدا**